# ئێوه ئۆپۆزسیۆن نین



جەنابی کاک نەوشیروان و کاک سلاحەدین بەهادین و کاک عەلی باپیر، ئێوه ئۆپۆزسین نین، ئێوه بەشێکن لەدەسەڵاتی بیست ساڵەی رابردوو و بەشدارن لە هەر کارەساتێک کە بەسەر ئەو بەشەی کوردستان دا هاتووه، ئەمڕۆ ئێوه موچانە وەردەگرن و بەشدارن لە گەندەڵیەکان و خواردنی داهاتی کوردستان.

ئێوه نوێنەری راپەریوان نین، ئێوه داگیرکەری راپەڕینن و دەتانەوێ مامەلە بە راپەرینەوه بکەن بۆ زیاد کردنی داهاتی خۆتان، لەلایەک لەژێرەوه هەوادارانی خۆتان هاندەدەن بۆ رۆیشتنە ناو راپەریوان و کاری ناڕەوایان پێدەکەن، لەولاشەوه بۆ خۆ بردنە پێشەوه لەدەسەڵات و زیادکردنی داهاتەکانتان راپەڕیوان بە ئاژاوەگێر ناو دەبەن.

ئێوه بۆ زیادکردنی داهاتی خۆتان لەژێر ناوی داوای چاکسازی بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوه لەگەڵ دەسەڵات دادەنیشن و لەداوای ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە کەم دەکەنەوه.

داوای سەرەکی ئۆپزسیۆن چاکسازی نیە، وا بیست ساڵە بەو بەندوبالۆرانە کورد دەخلاَفێنن، داوای سەرەکی ئۆپۆزسیۆن نەمانی تێکرای دەسەڵاتەو بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی تازەی پاک و خاوێنی نەتەوەییە.

http://www.kurd-oil.net/raste.htm

سەردار پشدەری

لەندەن ٢٤ – ٢ - ٢٠١١